وەزارەتی دارایی عێراق: ڕێژانی پشووەکان دەوامبکرێت بە پێدانی مووچەی ئێم مانگە

وەزیری دارایی داوای لە فەرمانبەرانی ئەو وەزارەتە کرد پشووی سەری ساڵ وەرنەگرن و ڕێژانی هەینی و شەممەش دەوام بکەن بە تەواوکردنی ڕێکارەکانی مووچەی فەرمانبەران و پاکتاوی ساڵی دارایی.

ئەمە پێنجشەممە، تەیف سامی، وەزیری دارایی حکوومەتی عێراق لە نوسراوێکدا، داوای لە یەکەکانی خەرجکردنی وەزارەتەکان و پارێزگاکان و قەوارە پێیوەندیدارەکان کرد بە مەبەستی تەواوکردنی پێدانی مووچەی فەرمانبەران و پێداچوونەوە بە بەشی ژمێریاری ساڵانەی وەزارەت، پشوی سەری ساڵ وەرنەگرن. لە نوسراوەکەدا ئەوەش هاتووە دەبێت فەرمانبەرانی ئەو یەکانە لە ڕێژانی هەینی و شەممە کە دەکاتە ٢٢ و ٢٣ی ئێم مانگە دەوامبکەن و ڕێکارەکانی دابەشکردنی مووچە و پاکتاوی ساڵانە جێبەجێبکەن.